www.kurdistannet.org
19-5-2003 21:59

### سەرۆکی پارتی چەپی دیموکرات بولەند ئەجەوید:

# "ئەمەریکا گوشارێکی زۆر گەورە دێنێ"

فیـــــکرەت بیلا
و. : بەکر شوانی

بەوە غەمگینە کە ئامادەی کۆنفرانسی لاوانی پارتی چەپی دیموکرات نەبووە. خۆی مەیلی لێبووە بەشدار بێت، بەڵام پزیشکەکانی مۆڵەتیان نەداوە. بە پرسیارەکانیدا دیارە کە هۆشی هەر لای کۆنفرانسەکەیە. جەخت دەکات کە بڕوای پتەوی بە لاوان هەیە، دەڵێ: " هەموویان منداڵی دڵپاک و ڕووگەشن. لاوی نیشتیمانی و نەتەوەپەروەرن و من بڕوای پتەوم پێیان هەیە، پێویستە بۆ تورکیاش جێگای بڕوا بن. "

## وەکو شەڕی یەکەمی جیهانی

کاتێک لە باس و خواسەکانماندا نۆرە گەیشتە سەر بابەتی ١٩ی گوڵان، بولەند ئەجەوید جەختی کرد کە تورکیا بە قۆناغێکی زۆر گرنگ و مێژووییدا تێدەپەڕێت. ئەجەوید دەڵێ: "هەلومەرج ماوەی دوای شەڕی جیهانیی یەکەم بەبیر دێنێتەوە. دەبێ تورکیا زۆر وشیار بێت. ئەگەر ئاوڕ لەو سەردەمە بدەینەوە، وەبیرمان دێتەوە کە بەریتانیا و ئەمەریکا لەلایەک کارتی کورد و لەلایەکی تر کارتی ئەرمەنیان بەکار هێنا. ئەمڕۆش کە لە بارودۆخەکە دەڕوانم هەمان شت دەبینم. ئەمەریکا بە کارتی کورد وازی دەکات. پێم وابێ کارتی ئەرمەنیش بەکار دێنێ و ئێستا ئامادەکاریی بۆ دەکرێ. پێویستە حکومەت وشیار بێت. "

ئەجەوید، ئاماژە دەکات بۆ دژواریی ڕاستکردنەوەی هاوکێشەکان لەدوای لاسەنگبوون و دەڵێ: "ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد، بەڵام تازە وا دژواریی ئەم کارەی بۆ دەردەکەوێ. من پێم وایە ئەمەریکا خۆیشی نازانێ چی دەکات. کۆنترۆڵکردنی عێراق و سەپاندنی ئارامی کارێکی هەروا ئاسان نیە. نە لە باکور و نە لە باشور کۆنترۆڵی تەواوی نیە. ئاشکرایە ئەمەریکا پێشبینی نەکردووە کە لە ڕووی سیاسیەوە ڕووبەڕووی تابلۆیەکی چۆن دەبێتەوە. "

ئەجەوید، باری تورکیاش بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنێ: "باش بوو تورکیا لە شەڕدا بەشدار نەبوو. دیار نیە کە ئایا حکومەت ئەمەی لە ڕووی زانینەوە بوو یان نا، بەڵام لە ئاکامدا بۆ تورکیا باش بوو. ئێستا ئەمەریکا پەیوەندیەکانی خۆی بۆ دواوە دەکێشێتەوە و گوشارێکی گەورە بۆ تورکیا دێنێ. هەڵبەتە پێویست ناکات ئێمە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەمەریکادا بەرەو خراپی ببەین، بەڵام پێویستە ئەمەریکاش لەبیری نەچێت کە وڵاتێکی تری وەکو تورکیا جێگای بڕوا لە هەرێمەکەدا نیە. پەیوەندیەکان لەبەرەوە باش دەبن و ئەمە لە بەرژەوەندی ئەمەریکاش دەبێت. تورکیاش پێویستە هەڵوێستی ئەمەریکا زۆر گەورە نەکاتەوە و لەسەر ڕێبازی خۆی بەردەوام بێت. "

## کارتی کورد و کارتی ئەرمەنی

ئەجەوید پێی وایە کە لە باکوری عێراقدا بەکردەوە دەوڵەتێکی کوردی دامەزراوە و سەرنج ڕادەکێشێ کە ئەمەریکا لە داهاتووی نزیکدا ئەم پێکهاتەیە بەهێز دەکات. ئەجەوید بەردەوام دەبێت

**و دەڵێ: "ئەمەریکا ناتوانێ تەنها بە پشتبەستن بە کوردەکان دەسەڵاتی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێنێ. کوردەکان کەمینەن و دەبێ ئەمە لەبیر نەکرێ. ئەمەریکا بە کارتی کورد لەدژی تورکیا گەمە دەکات و لە داهاتووی نزیکدا کارتی ئەرمەنیش لەدژی تورکیا دەخاتە کار. ئایا ئەگەر تورکیا پشتیوانی لە ئەمەریکا بکردایە، چی دەبوو؟ ئایا ئەم کێشانە سەریان هەڵدەدا؟ بە بۆچوونی من بارودۆخەکە زۆر جیاواز نەدەبوو. تورکیا ئەگەر بەشداری شەڕ بووایە، تەنیا کۆڵ کێشانەکەی بۆ دەمایەوە و ئەمڕۆش داوای لێدەکرا کە هێزەکانی لە هەرێمەکە بکێشێتەوە. لەم قۆناغەدا ئەمەریکا دووڕوویی نواند و هەڵوێستێکی بەهەندی لە بەرامبەر تورکیا نەنواند. "**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی میللیەت ٢٠٠٣/٥/١٩**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت